کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-1-2007 19:20 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کوردینە ئامادە باش بن، ڕیفراندۆمی کەرکوک بەشەڕی مەهدی دەست پێ دەکات!... هیوا بەکر



لەگەڵ ئەوەی کات بە خێرایی دەڕوات بەڵام مەهدی لە کەرکوك جمەی دێت!
پشبینیەکی ناخۆش!

هەواڵەکان وا ڕادەگەیەنن کە چوار سەربازی ئەمریکی لە کەربەلا لەسێدارەدراون، لێکۆڵەرەوە رامیاریەکان وای لێك دەدەنەوە کە ئەوە پەیامێکی شیئە توندڕەوەکانی تارانە لەبەرامبەر دەست بەسەرداگرتنی کونسڵی ئێران لە هەولێر لەلایەن ئەمریکیەکانەوە. ڕەنگە ئەوە تەنها بیروبۆچونێك بێت بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەم دواییە و لێدوانەکانی مەلابەختیار* قورساییەکی زیاتر دەدەنە ئەو بیروبۆچوونە و بگرە هەواڵەکان لە ئەمریکا وە بەتەواوی ڕاستی ئەو پێش بینیە دەردەخەن هەروەك جۆرج بوش و وەزیری بەرگریەکەی گیتس دانیان پێدا نا کاتێك بڕیاری کردنە ئامانجی هەر چالاکیەکی ئێرانیان دا لەسەر خاکی ئێراق. بەڵام ئایا لێدوانی لەو جۆرە و هەڕەشەی لەو شێوەیە چ مانایەك دەبەخشێت و لێدانی بەرژەوەندیەکانی ئێران لە ئێراقدا بەدەر لە لێدانی سەرتاپای میلیشیا چەکدارەکانی هێزە شیئەکانی سەر گۆڕەپانی ئێراق دەبێت چ مانایەکی تری هەبێت؟ سەدر و بەدر و مەهدی و سەیستانی ئەگەر بە مویەك لە فەرمانی مێزەربەسەرەکانی تاران دەرچن نمەك حەرام دەبن و دەکەونە بەر نەفرەتی ئێران بەر لەهەر گوشارێکی ئەمریکی. بەڵام گومانیشی تێدا نیە کە یەکەم گورزی ئەمریکی بۆ سەدر و میلیشیا توندڕەوەکەی دەبێت کە ساڵانێکە ئەمریکا گیری بەدەستەوە خواردووە و بۆی چار ناکرێت، شەڕەکانی نەجەف و ناو مزگەوتەکەی ئیمام ئەلی و شەڕی فەلوجە باشترین بەڵگەن کە ئەمریکا نەیدەویست زەبری گورجك بڕ بدات لە سەدر و میلیشیاکەی چونکە ئێرانی لێ هار دەبوو. باشە لە دۆخێکی ئەوهادا کورد چۆن چاری سەدر و مەهدی پێ دەکرێت؟! شتەکە زۆر ڕوونە و شەڕ هاتۆتە بەردەرگەی کورد، بیکات وەی نەیکات هەر وەی!

لەڕاستیدا سەدر زۆر بە زیرەکانە خۆی خستە نێو هاوکێشە ئێراقیەکەوە و ئێستا لە هەرسێ ناوچەکەی ئێراقدا کارتێکی زۆر کێوییە بەدەست ئەو لایەنەی کەماڵی دەکات! بەتایبەتی ئێرانییەکان. هەروەك لە کەرکوکدا دەردەکەوێت کە بەبێ ئەمری جەنابی موقتەدا زەحمەتە ڕیفراندۆم و ماددەی 140 جێ بە جێ بکرێت!

ئایا کارتی کورد بەرامبەر ئێران چییە؟ ئایا وەك چۆن پەکەکە بۆتە بەفەرزۆنی نێوان تورکە کەمالیستەکان و باشوری کوردستان، هیچ بەفەرزۆنێك لە نێوان تارانی مێزەربەسەرەکان و حکومەتی هەرێمدا هەیە؟!!! هیوادارم ئەو پڕوپاگەندانەی کە دەربارەی دانانی بنکەی سەربازی ئەمریکی لە قەراخدا هاتونەتە ئاراوە ڕاست بن.

سەرجەم ئەم پێشهاتانە و ڕووداوەکانی چەند ساڵی ڕابردووی شەڕی ئێراق وای دەردەخەن کە ئەمریکا تەنها بە لەناوبردنی سەدام کۆتایی بەو شەڕە ناهێنێت و بەڵکو شەڕی ڕاستەقینە هێشتا دەستی پێ نەکردووە. ئەمڕۆ دنیای ڕۆژئاوا بەسەرکردایەتی ئەمریکا و بەریتانیا شەڕی جیهانی سێهەمیان دەست پێ کردووە و سەرەتاکەشەی بە لە سێدارەدانی هیتلەری ڕۆژهەڵات (سەدام) دەستی پێ کرد.

ڕەنگە ئەو جۆرە پێش بینیانە زۆرێك لە ئێمە بباتەوە نێو دنیای مناڵی و هەرزەکاریمان و ئەو پێشبینیە تاڵەمان دەخاتەوە یاد کەلەکاتی باس کردنی شەڕە تەقە و پەلاماری پێشمەرگە دا بۆسەر جاش و ئارەبە داگیرکەرەکان لە کۆڵانەکانی سلێمانیدا هەمومان لەسەر سوچ و پەناو پاساری


ئەو نووسینانەی لە (کوردستان نێت) دا بڵاو دەکرێنەوە، بیر و بۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێیان بەرپرسیار نییە.

خیابانەکان کۆدەبوینەوە و پێکەوە باسی جەربەزەیی و ئازاییەتی پێشمەرگەمان دەکرد لەلایەك و لەلایەکیشەوە وەك سیاسەت مەدارێك شیکاری سەربازی و سیاسی هەڵمەتەکانی پێشمەرگەمان دەکرد و هەمومان لەئاستی قورسی ئەو خەباتەی ئەواندا دۆش دادەماین کە سەیری دڕندەکانی چوار دەوری کوردستانمان دەکرد و پێکەوە دەمان وت تەنها چارەسەرێك و هەلێك کە بۆ کورد مابێت هەڵگیرسانی شەڕی سێهەمی جیهانییە کە تیایدا کورد شەڕی هەر چوار پارچەی کوردستان بکات و سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیەنێت.

لە ڕاستیشدا چەندە ئەو شیکارە خەیاڵ ئامێزانە لە درامای فلیمە ئەمریکیەکانی ئەو ڕۆژگارەوە نزیك بوو کە ئێمەی منداڵانی کوردستان لە تەلەفزیۆنەکانەوە دەماندی ئەوەندەش لە ڕاستی بەدەر نییە کە جیۆپۆلیتیکی کوردستان وا دەخوازێت و قەدەری کورد و کوردستان وایە کە یان دەبێت لەگەڵ هەموو ئەو دڕندانە ڕێ بکەوێت وە یان دەبێت شەڕی هەمویان بکات.

مێژوو سەلماندویەتی کە نەشەڕی یەك لەو دڕندانە و نە ئاشتی کردن لەگەڵ یەکێکیان دادی کوردستان نادات و بگرە هەمیشە و هەتا هەتایە ئەوان تەنها شتێك کەلەسەری کۆك بن بینینی نوشوستی زیاترە بۆ کورد و کوردستان.

بگرە ئەو سیاسەتە ئەوەندە کوشندە و کاریگەر بووە بۆسەر چارەنوسی کوردستان کە ئەوەتا تورك و ئارەب و فارس پاڵیان لێ داوەتەوە و نەتەوە و وڵاتەکانی تری وەك:

پاکستان، هیندستان، سۆماڵ، ڕوسیا، دەیان وڵات و نەتەوەی تر زۆر بەگەرمی پشتگیری لە سیاسەتی ئەم دڕندانە دەکەن و دەڵێی دوژمنی باوەکوشتەی کوردن. (ڕاپۆرتی بیکەر – هامیلتن و گروپی ئینتەرناشناڵ کرایسز بەڵگەن بۆ ئەمەشیان) .

ڕەنگە ئەمە پێشبینی بێت بەڵام زۆرێک لە نیشانەکانی هاتۆتە دی و تەنها ئەوەندەی ماوە میدیا و لایەنە ڕەسمیەکان خاڵ بخەنە سەر وشەکان و ناوی بنێن شەڕی جیهانی سێهەم (ئەگەر چوارەم نەبێت بەلەبەرچاوگرتنی شەڕی ساردی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤێت) . کە بە ڕای من زۆری نەماوە و هاکا ئەوەی کە نەدەویسترا بوترێت دەوترێت و شەڕی ئێراقیش دەگۆڕێت بە شەری جیهانی، جیهانێک کە هێشتا بەرەکانی دیارنین و بە ئاڵۆزی و ژێر بە ژێر کاری خۆیان دەکەن. ئەگەرچی بەندە وەك بۆچوونی خۆم دەکرێت تان و پۆی ئەو بەرانە ئەوەندەی کە دەرکەوتون لەمانەدا کورت بکەمەوە:

- بەرەی ئایدۆلیستەکان و کۆنەخوازەکان (ئەل قائیدە، ئێران، ڕوسیا و چین و کۆریای کۆمۆنیزم، هاوپەیمانەکانی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو لەگەڵ چەند وڵاتێکی ئیسلامی توند ڕەو) .
- بەرەی وڵاتە هەل پەرستەکان (پاکستان، فەرەنسا، چین، ئەڵمانیا، تورکیا، چەند وڵاتێکی ئارەبی و ئەوروپی و ناوچەیی تر.
- بەرەی گۆڕان خوازەکان و نوێ خوازەکان (بە سەرکردایەتی ئەمریکا و بەریتانیا و چەندین وڵاتی جۆربەجۆری تر) .

لە ڕەوشێکی ئاوادا من زۆر بەدڵنیاییەوە دەڵێم کە کورد لەم بارودۆخەی ئێستای ئێراق و ناوچەکەدا بە وێنەی بەریتانیا ی کاتی شەڕی جیهانی یەکەم و دووەمی لێ بەسەر

هاتووە و چۆن بەریتانیەکان هەتا ماون سوپاس گوزاری ئەمریکیەکانی ئامۆزایانن کە لەدەست داگیرکاری حەتمی ئەو کاتەی سوپاکەی هیتلەر ڕزگاری کردن و بەدوایدا ئەمریکا بووە سیمبوڵی ئازادی و ڕزگاری بۆ سەرجەم وڵاتانی ئەوروپای دوای هیلتەر و مۆسۆلینی ئاواش دەبێت کورد و هەردوو بەرەکەی تر کە لە پێشدا ئامارژەم پێدان لە کۆتایی ئەو شەڕەی کە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا


ئەو نووسینانەی لە (کوردستان نێت) دا بڵاو دەکرێنەوە، بیر و بۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێیان بەرپرسیار نییە.

دەگوزەرێت و بە شەڕی جیهانی سێهەم ناوزەد دەكرێت ئەمریكا وەك فریادڕەسێك قبوڵ بكەن و بیكەنە سیمبولی ئازادی گەلانی ناوچەكە و بەشێكی گرنگی جیهان.

*مەلابەختیار دەڵێت: ئامادەین شەڕی (لەشكری مەهدی) بكەین (هەواڵەكان)


ئەو نووسینانەی لە (كوردستان نێت) دا بڵاو دەكرێنەوە، بیر و بۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێیان بەرپرسیار نییە.